الفدراسيون العام اللاجئين العراقيين
THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

# ڕاگەیاندێکی ڕۆژنامەگەری -١-

# تراژیدیای گیان لە دەست دانی ٣٠ پەنابەری کوردو عیراقی ئیتالیای هەژاند !

نزیك بە دوو هەفتە لەمەوبەر کەشتیەك کە خۆی تەنها ٥ تا ٦ کەس دەگریت، ٣٥ پەنابەری کوردی عیراقی تیدەترنجین و لەیونانەوە بەرەو ئیتالیا دەکەونە رێ. کەوتنە ڕی ئەم کەشتی یە لە کاتیکدا بوو کە شەپۆلی رەشەباو سەرماو سولەو باو بۆرانی ئەم رۆژانە ولاتانی ئەورووپا کەم وینەو دژوار بووە.

هەر بۆیە باو بۆران و رەشەبا ریچکەی گەشتەنە شوینی مەبەستی ئەم کەشتیەیە دەگۆریت و بۆ ماوەی یەك هەفتە زۆریك لە سەرنشینەکانی ئەم کەشتیـیە مەرگی هاورێ وهاوسەفەری خۆیان دەبینین وچاوەرانی سەرەی خۆیان دەکەن،تا سەر ئەنجا بە ڕێکەوت کەشتیەکی تر کە لە جەزیرەی (( سانتاماریا )) دەبیت لە نیزیکیانەوە تێدەپەریت ودەست بەجێکاربەدستانی حکومەتی ئیتالیا ئاگادار دەکەنەوەو رۆژی یەك شەمە ریکەوتی ١٩ / ١ / ٢٠٠٣ کارشناسانی ئیتالی دەچن بەدەم ئەم کارەساتەوەو هاوکات لەگەرماو گەرمی ئەم روداو کارەساتە لیژنەیەکی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بۆ بەدواچوون ولیکونەوەی لەم کارەساتە دەچن بۆ ئیتالیا، کە تائیستا ئەم لیژینەیە بەردەوام لەلیکونەوەو بەدواچوونی ئەم ڕووداوەدایە. بەپێی ڕاپورتی ئەم لیژنەیە ئەم ڕووداوە بە یەکێك لە تراژیدیترین وسەخترین ڕووداوەکانی گیان لەدەستدانی پەنابەری دەژمێرێت، لەم ڕووداوەدا ٣٥ پەنابەری کوردو عیراقی تیدا بووە کە ٣٠ کەسیان گیانیان لەدەست داوەو هەروەها پینچ کەسیان لە وەزعێکی زۆر زۆر نالەباردا دەهێنەوە بۆ خەستەخانەی شاری ( لیکی )دا کە لە کەناری جنووبی ئیتالیادایەو تا ئیستە لە ژێر چاودێری دکتوردان. هەروەها لاشەی ٧ کەسیان دۆزراوەتەوەو ئەوانی تر تا ئیستە بێ سەرو شوینن. ترژیدیای مەرگی ئەم ئینسانانە دەکریت بە یەکیك لە سەرخترین ڕووداوەکانی میژووی پەنابەری لەقەلەم بدریت .

بیهێنە بەرچاوی خۆتان کە بۆ ماوەی یەك هەفتە لە نێو گەشتی مەرگدا شەپۆلی دەریا بەبێ رەحمانەترین شێوە چارەنووسی ٣٥ ئینسان بەرەو مەرگی یەك لە دوای یەك ببات، کەشتی یەك کە سەرنشینەکانی بۆ ماوەی سێ رۆژ نە ئاوی خواردن و نەهیچ جۆرە خواردنیکیان پێبیت و لە ژێر لیزمەی باوبۆران و سەرمادا ئازاربچیژن، کەشتی یەك کە هەندێ لە سەرنشینەکانی ببینن کە وا هاورێ و هاوسەفەرەکەی خۆیان شیت دەبیت و لە لایەکەوە لەبەر قاقای پیکەنین و لەلایەکی ترەوە لە دەریای ترس وئابلەقماندا چاوەرانی مەرگ بکەن ،لە نیو کەشتیکدا بیت کە ببینیت هەندی لەسەر نیشینەکانی بە دەم هاوری دایك و خۆشەویستەکانیانەوە خۆیان فری بدەنە ناو ئاوەکەوە تا بەلکو لایەنی کەم شەپولی نیو دەریا لاشەیان بخاتە قەراخی دەریاو هەر نەبێت سبەینی لاشەکانیان بگەرینەوە بۆ ئازیزانیان. ئەم چەند ووشە قەتەریەك لە دەریای کارەساتی نێو ئەم دەریاییە کە لەزمانی ئەو چەند کەسەوە دەگێڕێتەوە کە تا ئێستا ماون. ئەم ڕووداوە کارەساتێکی هەژێنەرەو هەر ئیستە دەیان خیزان چاوەڕانی هەوالی ئازیزانیان و خۆشەویستیانیان.

سکرتاریەتی فیدراسیون سەربای دەرینی دل تەنگی و سەرخۆشی خۆمان لە ئازیزانی ئەم کارەساتە، بە هەموو کەس و لایەنکی ڕادەگەیەنێت کە دەیانەوێت بەدەم ئەم ڕووداوەوە بچن، ئەوا دەتوانن بەم ناونیشانەی خوارەوە پەیوەندیمان پێوە بکەن بۆ بە دەستهێنانی زانیاری و هەر جۆرە هاوکاریەکی پیویست لەم بارەوە. fediraq@welho ژمارەی تەلەفون : 00 358 9 2419493

**فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**٢٣ / ١ / ٢٠٠٣**

Address: PL 3 fediraq@welho
00391 Helsinki - Finland Fax : 358 9 24 19493

www.kurdistannet.org